گـۆڤـاری زانـكـۆی ڕاپــەڕیــن
Journal of University of Raparin.
مجلة جامعة رابرين

E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
DOI:10.26750/Vol(11).No(1).Paper23

ڕێــكـەوتــی وەرگــرتــن: ٢٠٢٢/٠٣/٠٩
ڕێكەوتی پەسەندكردن: ٢٠٢٢/٠٥/١٢
ڕێـكـەوتی بڵاوكردنەوە: ٢٠٢٤/٠٢/٢٩

# كاریگەریی ستراتیجیی چالاككەرەوە دركییەكان و ڕێكخراوە پێشكەوتووەكان لەسەر گەشەپێدانی بیركردنەوەی دورمەودا لەبابەتی مێژو لای خوێندكارانی بەشی زانستە كۆمەڵایەتییەكان

**شێرزاد علی احمد[١] - كریم احمد عزیز[٢] - سەلام عبدالكریم عبدالله[٣]**

salam.abdulla@univsul.edu.iq karem.ahmad@garmian.edu.krd sherzad.ali@garmian.edu.krd

[١]بەشی زانستە كۆمەڵایەتییەكان، كۆلیژی پەروەردەی بنەڕەت، زانكۆی سلێمانی، سلێمانی، هەرێمی كوردستان، عێراق.
[٢]بەشی باخچەی منداڵان، كۆلیژی پەروەردەی بنەڕەت، زانكۆی گەرمیان، كەلار، هەرێمی كوردستان، عێراق.
[٣]بەشی مێژو، كۆلیژی پەروەردەی زانستە مرۆڤایەتییەكان–سەیدصادق، زانكۆی سلێمانی، سلێمانی، هەرێمی كوردستان، عێراق.

## پوختە

ئامانج لەم توێژینەوەیە: زانینی "كاریگەریی ستراتیجیی چالاككەرەوە دركییەكان و ڕێكخراوە پێشكەوتوەكان لەسە ر گەشەپێدانی بیركردنەوەی دورمەودا لەبابەتی مێژو لای خوێندكارانی بەشی زانستەكۆمەڵایەتییەكان"، كۆمەڵگەی توێژینەوەكە بریتییە لە فێرخوازانی بەشـی زانسـتە كۆمەڵایەتییەكان، نمونەی توێژینەوەكە بریتییە لە فێرخوازانی قۆناغی دوەم لە بەشـی زانسـتە كۆمەڵایەتییەكان كە توێژەر ئەو قۆناغەی بەمەبەسـت هەڵبژارد، لەبەر دو هۆكاری سـەرەكی یەكەم: بەهۆی گونجاوی ژمارەیان بۆ دابەشـكردنیان بە سـێ گروپی هاوسـەنگ، دوەم: بونی بابەتی مێژوی كورد لە سەدەكانی ناوەڕاست لەو قۆناغە.

توێژەر دیزاینی نیمچە ئەزمونی بەكارهێنا بۆ سـێ گروپی هاوسـەنگ، گروپی ئەزمونی یەكەم، بەپێی سـتراتیجی چالاككەرەوە دركییەكان وانەیان پێدەگوترایەوە، گروپی ئەزمونی دوەم، بەپێی ستراتیجی ڕێكخراوە پێشكەوتوەكان وانەیان پێدەگوترایەوە، گروپی سـێیەم گروپی كۆنترۆڵكراو بو بە ڕێگای ئاسـایی وانەیان پێدەگوترایەوە، بەتێكڕا ژمارەیان بریتیبو لە (57) فێرخواز هەر گروپێك (19) فێرخواز، توێژەر هەسـتا بە بونیاتنانی تاقیكردنەوەیەك بۆ بیركردنەوەی دورمەودا كە ژمارەی برگەكانی بریتی بو لە (30) برگەی پرسیار، بۆ شیكردنەوەی داتاكان توێژەر بەرنامەی (spss) بەكارهێنا و گەیشت بەم دەرئەنجامانەی لای خوارەوە:

1- ستراتیجی چالاککەرەوە درکییەکان ڕێگایەکی سەرکەوتوە بۆ وانەوتنەوەی بابەتی مێژو، گروپی ئەزمونی یەکەم بیرکردنەوەی دورمەودایان گەشەیکردوە بە ئاستێکی بەرز.

2- وانەوتنەوە بەپێی ستراتیجی ڕێکخراوە پێشکەوتوەکان سەرکەوتو کاریگەرە بۆ بابەتی مێژو لای فێرخوازانی بەشی زانستە کۆمەڵایەتییەکان و گەشەپێدانی بیرکردنەوەی دورمەودایان.

کلیلە وشە: ستراتیجی، چالاککەرەوە درکییەکان، ڕێکخراوە پێشکەوتوەکان، بیرکردنەوەی دورمەودا

## پێشەکی:

وانەگوتنەوە بەڕێگە کلاسیکییەکان ناگونجێت لەگەڵ پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا و زۆربونی زانیاری هەر بۆ ئەم مەبەستە زۆر گرنگە مامۆستا و لایەنە پەروەردەییەکان کە پەیوەندی ڕاستەوخۆیان لەگەڵ خوێندکاردا هەیە شارەزای ستراتیجییەتە نوێ و کاراکانی بواری وانەگوتنەوەبن، هەروەها توانای جێبەجێکردنیان هەبێت لە نێو پۆلدا بۆ پەرەپێدانی تواناکانی فێرخوازان و گەشەپێدانی بیرکردنەوەی دورمەودا، لەناو ئەو ستراتیجییانەشدا کۆمەڵێک ستراتیجییەتی کارا هەن کە تێیدا فێرخوازەکان چالاکن و بەشێکی سەرەکین لە وانەگوتنەوەکەدا لەوانەش هەر یەکە لە ستراتیجییەکانی (چالاککەرەوە درکییەکان و ڕێکخراوە پێشکەوتوەکان) کە یەکێکن لەو ستراتیجییە نوێیانەی وانەگوتنەوە و گونجاون بۆ زۆربەی بابەتەکانی زانستە کۆمەڵایەتی و مرۆڤایەتییەکان.

### 1 – 1 گرفتی توێژینەوەکە:

توێژینەوە پەروەردەییە نوێیەکان جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە ئەو ستراتیژانەی لەئێستادا بەکاردەهێنرێن وەڵامدەرەوەی پێشکەوتن و بەرەوپێشچونەکانی بواری وانەوتنەوە نیین، بەتایبەت ئەگەر ئەوە بزانین مامۆستایان لە وانەوتنەوەیاندا خوێندکارانیان بەجۆرێک ڕاهێناوە کە تەنها گوێگربێت و بەشێوەیەکی کارا بەشدارنەبێت لە وانەکاندا. لەو جۆرە وانەوتنەوەدا مامۆستا ناتوانێت ئاستی بیرکردنەوەکانی خوێندکار گەشە پێبدات، هەر بۆیە هزر و بیرکردنەوەی گەشەناکات لە بابەتێکی وەک مێژو کە پێویستی بە تێڕامان و بیرکردنەوە هەیە لەو زانیاری و سەرگوزەشتە و ڕوداوە جۆراوجۆرانە.

توێژەریش لە سۆنگەی هەستکردن بەبونی ئەم کێشەیە لە ناوەندێکی خوێندنی باڵای وەک زانکۆ هەوڵیداوە لەم توێژینەوەییدا بەدوای بیرکردنەوەیەکی وەک بیرکردنەوەی دورمەودا کە تەواوی ئاکت و چالاکییەکانی کەوتوەتە سەر خوێندکار و هەر ئەویش دەکات بە چەقی پرۆسەی فێربون بکات بە کەرەستەی توێژینەوە لە ڕێگەی بەکارهێنانی هەردو ستراتیجی (چالاککەرەوە درکییەکان و ڕێکخراوە پێشکەوتوەکانەوە) کار بۆ پەرەپێدانی تواناکانی فێرخوازان بکات، چونکە هەر یەکە لە توێژینەوەکانی (صخي،2017)، (عبدالرضا، 2017)، (طقاطعة)، (عميري، 2007)، کارایی ئەو ستراتیجیانەیان سەلماندوە بۆ پەرەپێدانی بیرکردنەوە و بەتایبەت بیرکردنەوەی دورمەودا لە بابەتی مێژودا.

هەر بۆیە توێژەر گرفتەکانی توێژینەوەکەی بەشێوەی پرسیار لەم خاڵانەی خوارەوە خستوەتەڕو:

1- ئایا بەکارهێنانی ستراتیجی (چالاککەرەوە درکییەکان) کاریگەری هەیە لە گەشەپێدانی بیرکردنەوەی دورمەودا لە بابەتی مێژو لای فێرخوازانی قۆناغی دوەم لە بەشی زانستە کۆمەڵایەتییەکان؟

2- ئایا بەکارهێنانی ستراتیجی (ڕێکخراوە پێشکەوتوەکان) کاریگەری هەیە لەسەر گەشەپێدانی بیرکردنەوەی دورمەودا لە بابەتی مێژو لای فێرخوازانی قۆناغی دوەم لە بەشی زانستە کۆمەڵایەتییەکان؟

## 1-2- گرنگی توێژینەوەکە:

وانەوتنەوە پرۆسەی بەیەکگەیشتنی مامۆستا و فێرخوازە، مامۆستا هەوڵدەدات زانیاری و لێهاتوییەکانی بگەیەنێتە فێرخوازەکانی، بەخستنەگەڕی ڕێگاو شێوازە گونجاوەکان بۆ ئامادەکردنی فێرخواز لەڕوی دەرونی و ئاڕاستەی زانستی، ئامانجی گرنگیدانە بەدروستکردنی مرۆڤێکی خاوەن ئامانج و گونجاو لەگەڵ کۆمەڵگەکەی و گەشەپێدانی شێوازەکانی بیرکردنەوەی دروست و زانستی (عبدالقادر، 2013، ل25)

وانەوتنەوەی کاریگەریش پەیوەستە بەو ستراتیجییەت و ڕێگا و شێوازانەی مامۆستا دەیگرێتەبەر لەناو هۆڵی خوێندندا بۆ زیاتر سرنجڕاکێشانی فێرخوازەکانی، باشتر وایە مامۆستا ئەو ستراتیجییەتانە بگرێتەبەر کە فێرخواز تێیاندا کارایە و ڕۆڵی چالاکی هەیە.

ستراتیجییەتی (چالاککەرەوە درکییەکان) ئەو ستراتیجییەتەیە کە فێرخوازان لە جوڵەی بەردەوامدان و هەمیشە چالاکن و ئاگاییان لای بابەتەکە ناپچڕێت و لەگەڵ مامۆستا و بابەتەکە کارلێک دەکەن بۆ ئەوەی لە بابەتەکە بێزارنەبن لەڕێگەی چالاکی و بەشداریکردنەکانیانەوە ئەمەش وادەکات گەشە بە بیرکردنەوەی دورمەودای فێرخوازان بدات لەبابەتی مێژو، ستراتیجییەتی (ڕێکخراوە پێشکەوتوەکان) کە ئەمەش یەکێکە لە ستراتیجییەتەکانی وانەوتنەوەی کارا کە لە (فێرکردنێکی کاراوە) دروست دەبێت و پەرە بەتواناکانی فێرخوازان دەدات و بیرکردنەوەیان فراوان دەکات بۆ ئەو بابەتەی کە دەوترێتەوە بەم ستراتیجییەتە بەتایبەتی بۆ بابەتی مێژو کە لەڕێگەیەوە بیرکردنەوەی دورمەودای فێرخوازان گەشەدەکات (یوسف، 2017، ص16-17)

فێرکردنی کارا بەمانا هاوچەرخەکەی جگە لەوەی زانستێکی کارپێکراو هەڵبژێردراوە و گەشەسەندوە، پرۆسەیەکی پەروەردەیی ئامانجدار و هەمەلایەنەیە کە هەمو ئەو هۆکارانە لەبەرچاودەگرێت کە فێربون و فێرکردن پێکدەهێنن، لەم پرۆسەیەدا مامۆستاو فێرخوازان و کارگێڕی قوتابخانە و خێزان و کۆمەڵگا هاوکاری یەکتر دەکەن بۆ گەیشتن بەو ئامانجانەی کە پێیان دەگوترێت ئامانجە پەروەردەییەکان (الشهراني،2010، ص3)

وانەگوتنەوەی کارا و کاریگەر پەیوەستە بەهەمو ئەو ڕێگاو شێوازە جۆربەجۆرانەی مامۆستا لەگەڵ فێرخوازاندا دەگریتەبەر لە هەمو لایەنەکانی جەستەی و ڕۆحی فێرخوازانەوە بۆ زیاتر سەرنجڕاکێشان و خۆشی خستنە ناو وانەکەوە (قمزاوي، 2014، ص7).

ڕەفتاری مامۆستاو فێرخوازان لە وانەگوتنەوەی کارادا کاریگەری لەسەر پرۆسەی وانەکە و ئەنجامی وانەکە هەیە ئەنجامی وانەکە پەیوەستە بەو کارلێکەی لەنێوان مامۆستاو فێرخوازاندا هەیە (البرجاوي، 2015، ص66)

ئەگەر ئێمە ئەوە بزانین کە وانەوتنەوە پرۆســــەیەکی گەورەترە لە فێرکردن و فێرکردنیش فراوانترە لە فێربون، هەر لەوکاتەوە (بلوم) ئاســتەکانی فێربونی لە قوچەکێکی شــەش ئاســتیدا نەخشــاند ئەرکی گەورەی خســتە ســەر شانی مامۆستا، ئیدی مامۆستایش پێویستی بە وانەوتنەوەیەکی ڕێکخراو و ئەکتیڤ هەبو (عەزیز، 2021، ل50) دەتوانین گرنگی توێژینەوەکە لەم خاڵانەی خوارەوە بخەینەڕو:

1- گرنگی وانەوتنەوە بەستراتیژەکانی فێرکردنی کارا و لەنێویاندا هەردو ستراتیژی (چالاککەرەوە درکییەکان و ڕێکخراوە پێشکەوتوەکان) بۆ وانەوتنەوەی زانکۆیی.

2- پێشبینی دەکرێ هەردو ستراتیجی بەکارهاتو گەشە بە بیرکردنەوەی دورمەودای خوێندکاران بدات.

3- هەردو ســـــتراتیژی (چالاککەرەوە درکییەکان و ڕێکخراوە پێشـــــکەوتوەکان) وا لە فێرخواز دەکات کە بەشـــــێوەیەکی چالاک بەشـــــداری لەوانەکانی بابەتی مێژو بکات، چونکە خودی خوێندکار بیردەکاتەوە و ئەرکەکان ئەنجامدەدات.

4- بەســود دەبێت بۆ مامۆســتایانی بەشــی زانســتە کۆمەڵایەتییەکان و هەمو ئەو مامۆســتایانەی بابەتی مێژو دەڵێنەوە لە ناوەندەکانی پەروەردە و خوێندنی باڵا.

## 1 – 3 - ئامانجەکانی توێژینەوەکە:

1- زانینی کاریگەریی بەکارهێنانی ستراتیجییەتی چالاککەرەوە درکییەکان لەسـەر گەشـەپێدانی بیرکردنەوەی دورمەودا لای خوێندکارانی قۆناغی دوەم بەشی زانستە کۆمەڵایەتییەکان.

2- زانینی کاریگەریی بەکارهێنانی ستراتیجییەتی ڕێکخراوە پێشکەوتوەکان لەسـەر گەشـەپێدانی بیرکردنەوەی دورمەودا لای خوێندکارانی قۆناغی دوەم بەشی زانستە کۆمەڵایەتییەکان.

## 1 – 4 گریمانەی توێژینەوەکە:

### 1-4-1- گریمانەی یەکەم:

جیاوازی ماناداری ئاماری نییە لەئاســــتی (0.05) لەنێوان ناوەندە نمرەی گروپی ئەزمونی یەکەم کە بە (ســــتراتیژی چالاککەرەوە درکییەکان) وانەیان پێدەوترێتەوە، لەگەڵ ناوەندە نمرەی فێرخوازانی گروپی ئەزمونی دوەم کە بە (ستراتیژی ڕێکخراوە پێشکەوتوەکان) وانەیان پێدەوترێتەوە، لەگەڵ ناوەندە نمرەی فێرخوازانی گروپی کۆنترۆڵکراو کە بە (ستراتیژی ئاسایی) وانەیان پێدەوترێتەوە لەتاقیکردنەوەی بیرکردنەوەی دورمەودا.

### 1-4-2- گریمانەی دوەم:

جیاوازی ماناداری ئاماری نییە لەئاســـتی (0.05) لەنێوان ناوەندە نمرەی گروپی ئەزمونی یەکەم کە بە (ســـتراتیجی چالاککەرەوە درکییەکان) وانەیان پێدەوترێتەوە، لەگەڵ ناوەندە نمرەی فێرخوازانی گروپی ئەزمونی دوەم کە بە (ستراتیجی ڕێکخراوە پێشکەوتوەکان) وانەیان پێدەوترێتەوە، لەگەڵ ناوەندە نمرەی فێرخوازانی گروپی کۆنترۆڵکراو کە بە (ستراتیجی ئاسایی) وانەیان پێدەوترێتەوە لە تاقیکردنەوەی پێشینە و پاشینەی بیرکردنەوەی دورمەودا.

## 1-5- سنوری توێژینەوەکە:

- سنوری مرۆیی: فێرخوازانی قۆناغی دوەم بەشی زانستە کۆمەڵایەتییەکان.
- سنوری کات: سمستەری چوارەم لە ساڵی خوێندنی 2021-2022.
- سنوری بابەت: بابەتی مێژوی کورد لە سەدەکانی ناوەڕاست لە قۆناغی دوەم (سمستەری چوارەم).
- سنوری جوگرافی: زانکۆی گەرمیان، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت، بەشی زانستە کۆمەڵایەتییەکان.

## 1- 6- پێناسەی زاراوەکان (تحديد المصطلحات):

### یەکەم: ستراتیجییەتی وانەوتنەوە (استراتيجي التدريس):

– **(بلیل، 2021):** بریتییە لە کۆمەڵە هەنگاوێکی دیاریکراوی پلان بۆداڕێژراو بەمەبەســـتی گەیشـــتن بە ئامانجە خوازراوەکان کە ڕێگاو شێوازیش لەخۆدەگرێت (بلیل، 2021، ص186)

– **پێناســەی ڕێکاری (ســتراتیژیەتی وانەوتنەوە):** بریتییە لەو کۆمەڵە ڕێکارەی مامۆســتا دەیگرێتەبەر بەمەبەستی وانەوتنەوەیەکی گونجاو بۆ گەیشتن بەو ئامانجانەی کە مەبەستێتی لە وانەوتنەوەکەیدا پێیبگات.

### دوەم: ستراتیجییەتی چالاککەرەوە درکییەکان (استراتيجي المنشطات الادراكية):

- **(سعداوي، 2016):** بریتییە لەو ستراتیجییەتەی فێرخوازان لە ڕێگەیەوە فێردەبن بۆ گەیشتن بە ئامانجەکان لە بابەتێکی دیاریکراودا لەڕێگەی ئەو ڕێکاری و پرۆســـەیی مامۆســـتا پلانی بۆ داناوە (ســـعداوي، 2016، ص22).
- **پێناسەی ڕێکاری (ستراتیژیەتی چالاککەرەوە درکییەکان):** بریتیە لەو ستراتیجیەتە کارایی کە مامۆستا بۆ گروپی ئەزمونی یەکەم دەیگرێتەبەر لای فێرخوازانی بەشـــی زانســـتە کۆمەڵایەتییەکان بۆ وتنەوەی بابەتی مێژو بۆ ئەوەی فێرخواز لە دۆخێکی نەرێنییەوە بگوازێتەوە بۆ دۆخێکی ئەرێنی و ببێتە چەقی وانەکەی بۆ خستنەڕوی بابەتی وانەکە بەشێوازێکی ڕێک و پلان بۆدانەڕێژراو.

### سێیەم: ستراتیجییەتی ڕێکخراوە پێشکەوتوەکان (استراتيجي المنظمات المتقدمة):

- **(ابومي، 2012):** بریتییە لەو ســـــتراتیجییەی کە ئامانجی کۆنترۆڵکردنی توانای فێرخوازانە بۆ فێربون و گەشــــەی مەعریفی و دروســـــتکردنی پەیوەندی لەنێوان ئەو مەعریفەو زانیاریەی فێرخواز خۆی هەیەتی لەگەڵ مەعریفەی نوێ (ابومي، 2012، ص16).
- **پێناسەی ڕێکاری (ڕێکخراوە پێشکەوتوەکان):** بریتییە لەو ستراتیجییەتەی مامۆستا بۆ فێرخوازانی گروپی ئەزمونی دوەم لە بەشــــی زانســــتە کۆمەڵایەتییەکان بۆ وتنەوەی بابەتی مێژو لەگەڵ فێرخوازان پێکەوە بەهاوبەشی دەیگرنەبەر بۆ خستنەڕوی بابەتی وانەکە بەشێوەیەکی ڕێکخراو کە سەرنجی فێرخوازەکانی بۆ کەمەندکێش بکات.

## چوارەم: بیرکردنەوەی دورمەودا (التفکیر التباعدی):

- **(جیلفۆرد، 1959):** بریتییە لە دەستکەوتنی زانیاری نوێ لە زانیارییە بەکارهێنراوەکان و، گەیاندنی ژمارەیەک وەڵامی جۆراوجۆر لە هەمان سەرچاوەوە (الوقیدي، 2013، ص34).
- **پێناســــەی ڕێکاری (بیرکردنەوەی دورمەودا):** بریتییە لەو زانیاری و بیرکردنەوە و وەڵامدانەوانەی کە فێرخوازان لەڕێگەی برگەکانی تاقیکردنەوەیەکی تایبەتەوە کە ئامادەکراوە بۆ بیرکردنەوەی دورمەودا دەریدەبڕێت، کە تێدا لەشێوەی داواکردنی نوسینی وشە و چەمک و گوزارشتی هەڵهێنجانەوە دەریدەبڕێت و مامۆستا بەمیکانیزمێکی تایبەت هەڵسەنگاندنی بۆ دەکات بۆ ئەوەی بزانێت تاوەکو چەند توانیویەتی ببێتە خاوەن بیرکردنەوەیەکی دورمەودا.

# 2 بەشی دوەم: چوارچێوەی توێژینەوەکە

## 2-1- ستراتیجیی چالاککەرەوە درکییەکان:

بەهۆی ئەو فراوانبونەی زانیاری کە لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا ڕویداوە، بەتایبەت لە بواری تەکنیکی گەیاندنی زانیاری و گۆڕانکارییە جۆراوجۆرەکانی بواری مەعریفی لەنێو پەروەردەدا، کە ئامانج لێی پەرەپێدانی تواناکانی فێرخوازە لەڕوی چۆنیەتی فێربون و بەدەستهێنانی زانیاری، لەو نێوەندەشدا ستراتیجی چالاککەرەوە درکییەکان کاردەکات بۆ دیاریکردنی ئەو وشــــە و زاراوانەی کە دیاریدەکرێت بۆ فێرخوازان بە تۆخکردنەوە یان بە ڕەنگاوڕەنگی، ئەمەش وا لەفێرخوازان دەکات گرنگی بە بابەتەکە بدەن و هەوڵی بیرهاتنەوەی زانیارییەکانیان بدەن بەشێوەیەکی ورد (صحي، 2010، ص8).

ســــتراتیجی چالاککەرەوە درکیەکان بەمانای پرۆســــەیەکی مەعریفی دێت کە فێرخوازەکان بتوانن لەڕێگەیەوە لەجیهانی دەرەکی و دەوروبەری خۆیان تێبگەن، هەر بۆیە هەندێ جار ناودەبرێن بە (ســــتراتیجی مەعریفی) بۆ ئەوەی تێبگەین لە بنەڕەتە مێژوییەکەی و گرتنەبەری شــــێوازێکی وا کە فێرخوازان بتوانن ئەو زانیارییانەی کە وەریدەگرن بپارێزن بۆماوەیەکی زۆر (سعداوي، 2016، ص2).

چالاككەرەوە دركییەكان ئەو هاندەرە دەرونیانەن كە پشـــت بە هێماو وێنە و زمان دەبەســـتن بۆ ئاســـانكاری پرۆســەی فێربون، ئەم ســتراتیجییەتە لە تیۆری مەعریفییەوە ســەرچاوەی گرتوە، كە پێی وایە فێرخواز كەسـێكی چالاكە و خاوەنی كۆمەڵێک توانسـتە، وەک (توانای ڕێكخسـتن و هەماهەنگی لەنێوان زانیارییەكان و بەسـتنەوەی بەو زانیارییانەی كە لەیادگەیدا هەڵگیراون) بۆ دروستكردنی بیرۆكە و زانیاری نوێ (فتلاوي، 2014، ص21).

ئەم سـتراتیجییە لەلایەن مامۆسـتا بەكاردەهێنرێت بەمەبەسـتی بەرزكردنەوەی ئاسـتی بیركردنەوەی مێشـكی فێرخوازان بە زیادكردنی زانیاری و پیشـــاندانی ڕێگەی نوێی هەڵگرتنی ئەو زانیارییانە لەڕێگای بەكارهێنانی ئەم ستراتیجیەتە بەشێوەیەكی پێشكەوتو (Hildt and franke 2013, p3)

ســـتراتیجی چالاككەرەوە دركیەكان ئەو مانا هەســـتیارو كاریگەرەی هەیە كە وەک پاڵنەر بۆ فێرخوازان بەكاردەهێنرێت، لەكاتی وانەوتنەوەدا بەئامانجی فێربون، تێدا ئازادی تەواو بۆ فێرخوازان فەراهەمدەكات بۆ زیاتر تێگەیشتن و بەرەو پێشبردنی پرۆسەی فێربونیان (عبدالامیر، 2009، ص300).

## جۆرەكانی چالاككەرەوە دركییەكان

چالاككەرەوە دركییەكان دەكرێتە دوجۆری سەرەكییەوە:

### 1- شێوازی چالاككەرەوەی پرۆسەی ژێری ڕێكخراو:

ئەو شـــێوازە پەروەردەییەیە كە پشـــت بە مامۆســـتا (گەشـــەپێدەری پرۆگرام، دیزاینەری فێركاری) دەبەسـتێت و گەورەترین بەرپرسـیارییەتی دەخاتە ئەسـتۆی خۆی بۆ یارمەتیدانی فێرخوازان بۆ گەیشـتن بە ئامانجە خوازراوەكان، لەم شـــێوازەدا مامۆســـتا ئەو چالاككەرەوەیە هەڵدەبژێرێت و بەكاردەهێنێت كە بەگونجاوی دەزانێ، پاش ئامادەكردن و پێشـــكەشـــكردنی بەفێرخوازان، هانیان دەدات بۆ خوێندنەوەی و بەكارهێنانیان لە دۆخی پەروەردەیدا (فتلاوي، 2014، ص37).

### 2- شێوازی چالاككەرەوەی پرۆسەی ژێری جیاجیا:

لەم شێوازەدا مامۆستا ڕێنمای دەداتە فێرخوازان و هانیاندەدات بۆ بیركردنەوە و وەرگرتنی زانیاری بەشێوەی (چالاک) بۆ گەیشتن بە ئامانجە فێركارییەكان (دەروزة، 2007، ص223).

ئەم شێوازە دابەشدەكرێت بەسەر دو بەشدا، ئەوانیش بریتین لە:

أ- چالاككەرەوەكانی پرۆســـــەی ژێری جیاجیای دیاریكراو: لێرەدا داوا لەفێرخوازان دەكرێت بیر لەوەرگرتنی ئەو چالاككەرەوانە بكاتەوە كە مامۆســـتا پێشـــنیازیكردوە، وەک بیركردنەوە لەو پرســـیارە فێركارییانەی مامۆستا خستوەیەتیەڕو لەسەر بابەتەكەو پاشان وەڵامیان بداتەوە.

ب-چالاککەرەوەکانی پرۆســـەی ژێری جیاجیای دیارینەکراو: لەم شـــێوازەدا فێرخوازان ئازاد دەکرێن بۆ بەکارهێنانی ئەو چالاککەرەوانەی کە بەگونجاوی دەزانن بۆ زیاتر تێگەیشـــتنیان لەبابەتەکە بەبێ ئەوەی پێشوەختە لەلایەن مامۆستاوە دیاریکرابێت (العفون، وقحطان، 2010، ص76-77).

## 2-2- ستراتیجی ڕێکخراوە پێشکەوتوەکان:

ســـتراتیجی ڕێکخراوە پێشـــکەوتوەکان لەســـەر تیۆری (ئۆزبڵ) بنیاتنراوە و، ڕێگایەکە لەســـەر بنەمای ڕێکخســـتن دامەزراوە بۆ بۆ فێربونی زانیارییەکان دەبن بەبەشـــێک لە پێکهاتەی مەعریفی فێرخواز، زۆرجار پێش زانیاری پێدان لەســـەر بابەتەکە ئەم ڕێکخســـتنە بەکاردەهێنرێت، (ئۆزبڵ) لەتیۆرەکەیدا جەخت لەســـەر چۆنیەتی وەرگرتنی زانیارییەکان و بەکارهێنانەوەی ئەو زانیارییانە دەکاتەوە، بۆ ئەوەی فێربون مانادداربێت دو شـــت پێویســـتە: یەکەم: ئەو زانیارییانەی کە بە فێرخواز دەدرێت پێویســـتە بەشـــێوەیەکی ڕێکخراوبێت، دەرفەتی بەشـــداریکردن بەهەمو فێرخوازان بدرێت هەلومەرجی گونجاوی بۆ دروســـتبکرێت بۆ بەســـتنەوەی زانیارییەکانی بەیەکەوە لە پێکهاتەی مێشکی خۆیدا (عطية، 2008، ص87).

ئەم ســـتراتیجییە یەکێکە لە دانراوەکانی تیۆری (ئۆزبڵ) لەبواری فێرکاریدا کە لەبنەڕەتدا تیۆری ئۆزبڵ پشـــت بەگریمانەیەکی گرنگ دەبەســـتێت ئەویش بریتییە لە: (بڕی ئەو زانیارییانەی ئێســـتا فێرخواز هەیەتی، ڕونی و ڕێکخســـتنی ئەو زانیارییانە دەبێتە پێکهێنەری ڕاســـتی، واتە ئەو زانیاری و داتایانەی لای فێرخوازانن وەک کەرەستەیەکی خاوە لەئێستادا و پاشان دەبێتە بنەمای مەعریفە بۆ فێرخوازەکە) (ابوجادو، 2000، ص363).

ئۆزبڵ پێی وایە لەڕێگەی ئەم ستراتیجییەوە کە بەشێوەیەکە مامۆستا بابەتەکە بەکورتی بەفێرخوازەکان دەناسێنێت لەســەرەتای وانەکەوە، ئەوەش بۆ کەمکردنەوەی ئەو بۆشاییەی لەنێوان ئەو زانیاریانەی کە پێشـتر هەیبوە لەگەڵ ئەو زانیارییانەی کە پێویستە بیزانێت (مرعي، حيلة، 2011، ص49).

ڕێکخراوە پێشـــکەوتوەکان دەرفەتێکی باشـــە بۆ ڕەچاوکردنی جیاوازی تاکایەتی لەنێوان فێرخوازاندا بەوەی کە لەڕێگەی وێنەو ڤیدیۆوە بابەتەکە پێشـــکەشـــی فێرخوازان بکەیت و بەمەش بۆ فێرخوازی نابیســـت دەرفەتێکی گونجاوە (علي، 2011، ص171).

## 3-2- بیرکردنەوەی دورمەودا:

یەکێکە لەڕێگاکانی بیرکردنەوە بۆ بەرهەمهێنانی زۆرترین ژمارەی بیرۆکە بە ســـەیرکردن و پشـــکنینی کێشـــەکە لەچەند گۆشـــەیەکەوە بەپێی ئەزمونەکانی تاک، کارامەیەکانی بیرکردنەوەی دورمەودا پشـــت بە بەرهەمهێنانی زۆرترین بیرۆکە دەبەســـتێت بۆ تێگەیشـــتن لە پەیوەندی نێوان ڕوداوە جیاوازەکان (عبدالله، 2017، ص3)

بیرکردنەوەی دورمەودا بەواتای فراوانکردنی ئاسۆی فێرخوازانە بەڕێگای جیاواز، تیڕوانینی جیاواز بۆ ڕوداوەکان و سەیرکردن و تێڕامان و بیرکردنەوە بەشێوەیەکی هەڕەمەکی تا گەیشتن بە تێگەیشتنێکی گونجاو و ئامانجیش گەیشتنە بە دۆزینەوەی بیرۆکەی نوێ (العامري، 2017، ص5).

## 2-3-1- بنەماکانی بیرکردنەوەی دورمەودا

1- بنەمای دەستەواژەی دادپەروەری: ئەم بنەمایە پێشنیازی دواخستنی حوکمدان و هەڵسەنگاندن دەکات تاوەکو تەواوبون و خستنەڕوی هەمو بیرۆکەکان.

2- بنەمای تێکۆشان بەرەو زۆرترین ژمارەی بیرۆکە: بۆ ئەوەی زۆرترین بیرۆکە بەرهەمبێت.

3- بنەمای دەستپێکردن: ئەم بنەمایە جەخت لەسەر تۆمارکردنی هەمو بیرۆکەکان دەکاتەوە بەبێ گوێدانە ئەوەی کە بیرۆکەکان سود بەخشن یان نالۆجیکی و بێ سودن.

4- بنەمای زیادکردنی خشتێک بۆ بیناکە: بە واتای زیادکردن بۆ بیرۆکەی ئەوانی دیکە، ئەم بنەمایە هاندەرە بۆ سودوەرگرتن لەو بیرۆکانەی کە خراوەتەڕو (ابو حطب، 1987، ص97).

# 3- بەشی سێیەم: ڕێکارییەکانی توێژینەوەکە:

## 3-1- میتۆدی توێژینەوەکە:

لەم توێژینەوەیدا میتۆدی نیمچە ئەزمونی بەکارهێنراوە، لەبەر گونجاوی لەگەڵ ئامانجەکانی توێژینەوەکە.

## 3-2 دیزاینی توێژینەوەکە:

توێژەر لە توێژینەوەکەیدا پشتی بەو دیزایینە بەست کە پێی دەوترێت دیزایینی نیمچە ئەزمونگەری گروپی هاوسەنگ بە تاقیکردنەوەی پێشی و پاشی (فان دالین،2007 ، ل303-304)، کە لە سێ گروپ پێکدێت گروپی ئەزمونی یەکەم و گروپی ئەزمونی دوەم و گروپی کۆنترۆڵکراو، گروپی ئەزمونی یەکەم بەپێی ستراتیژییەتی چالاککەرەوە درکییەکان وانەیان پێدەوترێتەوە و گروپی ئەزمونی دوەم بەپێی ستراتیژییەتی ڕێکخراوە پێشکەوتوەکان وانەیان پێدەوترێتەوە، گروپی کۆنترۆڵکراویش هەمان بابەت بە ڕێگەی ئاسایی وانەیان پێدەوترێتەوە، بە تاقیکردنەوەی پێشی و پاشی بۆ گۆڕاوی بیرکردنەوەی دورمەودا و بە تاقیکردنەوەی پاشی بۆ گۆڕاوی دەستکەوتی خوێندن. بڕوانە شێوەی ژمارە (1).




شێوەی ژمارە (1)

دیزاینی ئەزمونی توێژینەوە

## 3-3-کۆمەڵگە و نمونەی توێژینەوەکە:

### 3-3-1- کۆمەڵگەی توێژینەوەکە:

کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بریتییە لە هەمو فێرخوازانی بەشی زانستە کۆمەڵایەتییەکانی کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی زانکۆی گەرمیان کە ژمارەیان بریتییە لە (131) فێرخواز لە (4) قۆناغ بۆ ســــاڵی خوێندنی (2021 – 2022).

خشتەی ژمارە (1)

ژمارەی فێرخوازانی کۆمەڵگای توێژینەوەکە

| قۆناغ | ژمارەی فێرخواز |
|---|---|
| یەکەم | 35 |
| دوەم | 62 |
| سێیەم | 16 |
| چوارەم | 18 |
| کۆی گشتی | 131 |

### 2-3-3- نمونەی توێژینەوەکە:

بژاردە بەشـــێکە لەو گۆمەڵگایەی کە توێژینەوەکەی لەســـەر ئەنجامدەدرێت و بەپێی چەند ڕێســـایەکی تایبەت هەڵدەبژێرێت بۆ ئەوەی بەشـــێوەیەکی دروســـت نوێنەرایەتی کۆمەڵگاکە بکات (داود و عبدالرحمن، 1990، ل119) توێژەر فێرخوازانی قۆناغی دوەمی بەشـــی زانســـتە کۆمەڵایەتییەکانی هەڵبژارد بۆ نمونەی توێژینەوەکەی، دوای وردبونەوە لە ژمارەی فێرخوازانی قۆناغەکانی بەشەکە توێژەر بۆی دەرکەوت کە فێرخوازانی قۆناغی دوەم ژمارەیان گونجاوە بۆ ئەوەی بکرێن بە ســێ گروپ و هەمان بابەتیان لە مێژو هەیە کە توێژەر ئامادەی کردوە بۆ ماوەی ئەزمونی بڕوانە خشتەی ژمارە (2).

خشتەی ژمارە (2)

گروپ و ژمارەی فێرخوازانی بژاردەی توێژینەوە

| گروپ | گروپ | ڕێگای وانەوتنەوە | ژمارەی فێرخواز | ژمارەی فێرخواز دورخراو | ژمارەی کۆتایی فێرخوازان |
|---|---|---|---|---|---|
| A | ئەزمونی یەکەم | چالاککەرەوە درکییەکان | 21 | 2 | 19 |
| B | ئەزمونی دوەم | ڕێکخراوە پێشکەوتوەکان | 19 | 0 | 19 |
| C | کۆنترۆڵکراو | ڕێگای ئاسایی | 22 | 3 | 19 |
| کۆ | | | 62 | 5 | 57 |

### 3-4- هاوسەنگی هەرسێ گروپی توێژینەوەکە:

توێژەر هەرسێ گروپی توێژینەوەی هاوسەنگ کرد لەم گۆڕاوانەی خوارەوەدا:

### 3-5- ڕاستگۆیی ئامراز (ڕاستگۆیی ڕوکەشی):

بەمەبەستی دەرهێنانی ڕاســـتـیـتی پێوەری بیرکردنەوەی دورمەودا، توێژەر پێوەرەکەی خستە بەردەستی کۆمەڵێک پســـپۆر و شـــارەزای بواری ڕێگاکانی وانەوتنەوە و زانســـتە دەرونی و پەروەردەییەکان و پێوانە و هەڵسەنگاندن، (پاشکۆی ژمارە 1) بەمەبەستی زانینی ڕاوبۆچون و ڕێنماییەکانیان بەمەبەستی گونجاوی بڕگەکانی پێوەرەکە بۆ فێرخوازانی زانکۆ، پاش گەڕاندنەوەی پێوەرەکە و بەکارهێنانی هاوکێشـــەی (جی کۆپەر –

J.Cooper) و پشـــت بەســـتن بەڕێژەی ڕازیبونی (80%) و زیاتری حوکمدەران بۆ هەر بڕگەیەک، دوای ئەوەی ڕێژەی ڕازیبونی هەربەندێکی پێوەرەکە دەرهێنرا، دەرکەوت هەمو بڕگەکان ئەو ڕێژەیە و زیاتریان بەدەســـتهێنا و پەسەندکران، بەم شێوەیە ڕاستێتی پێوەری بیرکردنەوەی دورمەودا دەرهێنرا.

### 6-3- جێگیری تاقیکردنەوەی بیرکردنەوەی دورمەودا:

جێگیری تـاقیکردنـەوە مـانـای ئـەوەیـە کـە تـاقیکردنـەوەکـە هـەمـان ئـەنجـام یـان نزیـک لە ئـەنجـامی یەکەم بەدەستەوە بدات، ئەگەر هاتو دوبارە کرایەوە لەسەر هەمان نمونە و لەهەمان ژینگەدا (حسانين، 2004 ، ل146)

توێژەر جێگیری تاقیکردنەوەکەی دەرهێنا لە ڕێگەی وەرگرتنی بژاردەیەک دور لە نمونەی ســـــەرەکی توێژینەوەکە، بەشـــێوەی دوبارە تاقیکردنەوە (re–test)، کە بریتی بون لە (30) فێرخواز لەفێرخوازانی بەشـــی زانســـتە کۆمەڵایەتییەکان- ئێواران، لە ئەنجامدا جێگیری تاقیکردنەوەکە بەدەســـــتهات بە پلەی (0.92) بەپێی هاوکۆلکەی ئاماری پێرسۆن.

### 7-3- ئاستی گرانی:

بۆ دەرهێنانی ئاســـتی گرانی هەر بڕگەیەکی پێوەری بیرکردنەوەی دورمەودا، توێژەر هاوکێشـــەی ئاســـتی گرانی بەکارهێنا و لەئەنجامدا دەرکەوت کە ئاستی بڕگەکانی پێوەرەکە دەکەوێتە نێوان (0.27 – 0.57) بەتێکڕا کە دەکاتە (0.35)، ئەمە ئەنجامەش بە گونجاو دادەنرێت بۆ ئاستی گرانی بڕکەی پێوەرەکە کە کەوتوەتە نێوان (0.20 – 0.80) (قەرەچەتانی، 2018، ل105–106).

### 8-3- هێزی جیاکەرەوە:

مەبەســـــت لە هێزی جیاکەرەوەی بڕگە ئەوەیە کە بڕگەکانی پێوەر بتوانێ جیاوازی بکات لەنێوان فێرخوازانی کۆمـەڵـەی بـەرز و فێرخوازانی کۆمـەڵـەی نزم، توێژەر هێزی جیـاکـەرەوەی بڕگـەکـانی دەرهێنـا، لـە ئەنجامدا دەرکەوت هێزی جیاکەرەوەی بڕگەکان دەکەوێتە نێوان (0.35 – 0.55) و بەتێکڕا (0.40) کە ئەمەش بەگونجاو دادەنرێت (اللإمام واخرون، 1990، ص119).

## بەشی چوارەم: خستنەڕو وشیکردنەوەی ئەنجامەکان

لەم بەشەدا ئەنجام و شیکردنەوەی توێژینەوەکە دەخرێتەڕو:

### 1-4- خستنەڕوی ئەنجامەکان:

توێژەر ئەنجامی توێژینەوەکەی دەخاتەڕو لەڕێگەی سەلماندنی گریمانەکان بەم شێوەی لای خوارەوە:

### گریمانەی سەرەکی یەکەم:

جیاوازی بەڵگەداری ئاماری نییە لەئاســـتی (0.05) لەنێوان ناوەندە نمرەی گروپی ئەزمونی یەکەم کە بە (ســـتراتیژی چالاککەرەوە درکییەکان) وانەیان پێدەوترێتەوە، لەگەڵ ناوەندە نمرەی فێرخوازانی گروپی ئەزمونی

دوەم کە بە (ستراتیژی ڕێکخراوە پێشکەوتوەکان) وانەیان پێدەوترێتەوە، لەگەڵ ناوەندە نمرەی فێرخوازانی گروپی کۆنترۆڵکراو کە بە (ستراتیژی ئاسایی) وانەیان پێدەوترێتەوە لەتاقیکردنەوەی پاشی بیرکردنەوەی دورمەودا. توێژەر ناوەندە ژمێرەیی و لادانی پێوانەیی بۆ نمرەکانی هەرسێ گروپ دەرهێنا، بڕوانە خشتەی ژمارە (3).

خشتەی ژمارە (3)

ناوەندەژمێری و لادانی پێوانەیی تاقیکردنەوەی پاشی بۆ بیرکردنەوەی دورمەودا

| گروپ | ژمارەی فێرخواز | ناوەندەژمێری | لادانی پێوانەیی |
|---|---|---|---|
| ئەزمونی یەکەم | 19 | 110.157 | 5.698 |
| ئەزمونی دوەم | 19 | 107.526 | 6.915 |
| کۆنترۆڵکراو | 19 | 97.105 | 5.782 |

بۆ سەلماندنی ئەم گریمانەیە توێژەر تاقیکردنەوەی شیکردنەوەی جیاوازی یەک لای بەکارهێنا بۆ ناوەندەژمێرییەکان، بڕوانە خشتەی ژمارە (4)

خشتەی ژمارە (4)

ئەنجامی شیکردنەوەی جیاوازی نرخی (فای – F) بۆ گروپەکان لە تاقیکردنەوەی پاشی بیرکردنەوەی دورمەودا

| سەرچاوەی جیاوازی | نمرەی ئازاد | کۆی چوار گۆشەکان | ناوەندی کۆی چوارگۆشەکان | نرخی F | | بەڵگەداری لەئاستی 0.05 |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | دەرهێنراو | خشتەیی | |
| لە نێوان گروپەکاندا | 2 | 1810.666 | 905.333 | 23.882 | 3.168 | بەڵگەدارە |
| لە نێو گروپەکاندا | 54 | 2042.052 | 37.908 | | | |
| کۆ | 56 | 3857.719 | | | | |

خشتەی (3) ئەو ئەنجامە دەردەخات کە دیارە کە نرخی (فای – F) دەرهێنراو کە (23.882)ە، گەورەترە لە نرخی خشتەیی (3.168) لە ئاستی بەڵگەداری (0.05) بە پلەی ئازادی (2، 54)، ئەمەش مانای ئەوە دەگەیەنێت، کە جیاوازی بەڵگەداری ئاماری هەیە لەنێوان ناوەندە نمرەی هەرسێ گروپی توێژینەوە لە تاقیکردنەوەی پاشی بۆ بیرکردنەوەی دورمەودا، واتە گریمانەی سەرەکی دوەم ڕەتدەکرێتەوە و گریمانەی جێگرەوە پەسەند دەکرێت.

بۆ سەلماندنی هەر سێ گریمانەی لقی سەربە گریمانەی سەرەكی دوەم، توێژەر تاقیكردنەوەی شێفیەی بەكارهێنا بۆ بەراوردكردنی گروپەكان بەیەكتری، بەم شێوەی لای خوارەوە:

**گریمانەی لاوەكی یەكەم:** جیاوازی بەڵگەداری ئاماری نییە لەئاستی (0.05) لەنێوان ناوەندە نمرەی گروپی ئەزمونی یەكەم كە بە (ستراتیجی چالاككەرەوە دركییەكان) وانەیان پێدەوترێتەوە، لەگەڵ ناوەندە نمرەی فێرخوازانی گروپی ئەزمونی دوەم كە بە (ستراتیجی ڕێكخراوە پێشكەوتوەكان) وانەیان پێدەوترێتەوە، لە تاقیكردنەوەی بیركردنەوەی دورمەودا، بڕوانە خشتەی ژمارە (5)

خشتەی ژمارە (5)

ئەنجامی تاقیكردنەوەی شێفیە بۆ بەراوردی ناوەندەنمرەی هەردو گروپی ئەزمونی یەكەم و ئەزمونی دوەم لە تاقیكردنەوەی پاشی بیركردنەوەی دورمەودا

| گۆڕاو | گروپ | بژاردە | ناوەندە ژمێری | لادانی پێوانەیی | نرخی شیفیە | | بەڵگەداری لەئاستی 0.05 |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | دەرهێنراو | خشتەیی | |
| تاقیكردنەوەی پاشی | ئەزمونی یەكەم | 19 | 110.157 | 5.698 | 1.735 | 6.336 | بەڵگەدارن ییە |
| | ئەزمونی دوەم | 19 | 107.526 | 6.915 | | | |

لە خشتەی سەرەوەدا دەردەكەوێت ناوەندە نمرەی گروپی ئەزمونی یەكەم (110.157) و ناوەندە نمرەی گروپی ئەزمونی دوەم (107.526) و نرخی شیفیەی دەرهێنراو (1.735) بچوكترە لە نرخی خشتەیی كە (6.336)ە لە ئاستی بەڵگەداری (0.05) ئەمەش ئەوە ئەگەیەنێت كە جیاوازی بەڵگەداری ئاماری نییە لەنێوان هەردو گروپی ئەزمونی یەكەم و دوەم، كەواتە گریمانەی سفری پەسەند دەكرێت كە توێژەر لە سەرەتاوە دایڕشتبو.

**گریمانەی لاوەكی دوەم:** جیاوازی بەڵگەداری ئاماری نییە لەئاستی (0.05) لەنێوان ناوەندە نمرەی گروپی ئەزمونی یەكەم كە بە (ستراتیجی چالاككەرەوە دركییەكان) وانەیان پێدەوترێتەوە، لەگەڵ ناوەندە نمرەی فێرخوازانی گروپی كۆنترۆڵكراو كە بە (ڕێگای ئاسایی) وانەیان پێدەوترێتەوە لە تاقیكردنەوەی بیركردنەوەی دورمەودا، بڕوانە خشتەی (6).

خشتەی ژمارە (6)

ئەنجامی تاقیکردنەوەی شـــیفیە بۆ بەراوردی ناوەندەنمرەی هەردو گروپی ئەزمونی یەکەم و کۆنترۆڵکراو لە تاقیکردنەوەی پاشـــی بیرکردنەوەی دورمەودا

| گۆڕاو | گروپ | بژاردە | ناوەندە ژمێری | لادانی پێوانەیی | نرخی شیفیە | | بەڵگەداری لەئاستی 0.05 |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | دەرهێنراو | خشتەیی | |
| تاقیکردنەوەی پاشی | ئەزمونی یەکەم | 19 | 110.157 | 5.698 | 42.695 | 6.336 | بەڵگەدارە |
| | کۆنترۆڵکراو | 19 | 97.105 | 5.782 | | | |

لە خشـــتەی (5) دا دەردەکەوێت ناوەندە نمرەی گروپی ئەزمونی یەکەم (110.157) و ناوەندە نمرەی گروپی کۆنترۆڵکراو (97.105) و نرخی شـــیفیەی دەرهێنراو (42.695) گەورەترە لە نرخی خشـــتەیی کە (6.336)ە لە ئاســـتی بەڵگەداری (0.05) ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە جیاوازی بەڵگەداری ئاماری هەیە لەنێوان هەردو گروپی ئەزمونی یەکەم و کۆنترۆڵکراو لە بەرژوەندی گروپی ئەزمونی یەکەم، کەواتە گریمانەی ســـفری ڕەت دەکەینەوە کە توێژەر لە سەرەتاوە دایڕشتبو، گریمانەی جێگرەوە پەسەند دەکەین.

**گریمانەی لاوەکی ســـێیەم:** جیاوازی بەڵگەداری ئاماری نییە لەئاســـتی (0.05) لەنێوان ناوەندە نمرەی گروپی ئەزمونی دوەم کە بە (ســـتراتیژی ڕێکخراوە پێشـــکەوتوەکان) وانەیان پێدەوترێتەوە، لەگەڵ ناوەندە نمرەی فێرخوازانی گروپی کۆنترۆڵکراو کە بە (ســتراتیژی ئاســایی) وانەیان پێدەوترێتەوە لە تاقیکردنەوەی بیرکردنەوەی دورمەودا.

خشتەی ژمارە (7)

ئەنجامی تاقیکردنەوەی شـــیفیە بۆ بەراوردی ناوەندە نمرەی هەردو گروپی ئەزمونی دوەم و کۆنترۆڵکراو لە تاقیکردنەوەی پاشـــی بیرکردنەوەی دورمەودا

| گۆڕاو | گروپ | بژاردە | ناوەندە ژمێری | لادانی پێوانەیی | نرخی شیفیە | | بەڵگەداری لەئاستی 0.05 |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | دەرهێنراو | خشتەیی | |
| تاقیکردنەوەی پاشی | ئەزمونی دوەم | 19 | 107.526 | 6.915 | 27.215 | 6.336 | بەڵگەدارە |
| | کۆنترۆڵکراو | 19 | 97.105 | 5.782 | | | |

لە خشـــتەی (6)دا ئەوە دەردەکەوێت ناوەندە نمرەی گروپی ئەزمونی دوەم (107.526) و ناوەندە نمرەی گروپی کۆنترۆڵکراو (97.105) و نرخی شـــیفیەی دەرهێنراو (27.215) گەورەترە لە نرخی خشـــتەیی کە (6.336)ە لە ئاســـتی بەڵگەداری (0.05) ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە جیاوازی بەڵگەداری ئاماری هەیە لەنێوان هەردو گروپی ئەزمونی دوەم و گروپی کۆنترۆڵکراو لە بەرژوەندی گروپی ئەزمونی دوەم، کەواتە گریمانەی ســـفری ڕەت دەکەینەوە کە توێژەر لە سەرەتاوە دایڕشتبو، گریمانەی جێگرەوە پەسەند دەکەین.

## گریمانەی سەرەکی دوەم:

جیاوازی بەڵگەداری ئاماری نییە لەئاســـتی (0.05) لەنێوان ناوەندە نمرەی گروپی ئەزمونی یەکەم کە بە (ســـتراتیجی چالاککەرەوە درکییەکان) وانەیان پێدەوترێتەوە، لەگەڵ ناوەندە نمرەی فێرخوازانی گروپی ئەزمونی دوەم کە بە (ستراتیجی ڕێکخراوە پێشکەوتوەکان) وانەیان پێدەوترێتەوە، لەگەڵ ناوەندە نمرەی فێرخوازانی گروپی کۆنترۆڵکراو کە بە (ڕێگای ئاســـایی) وانەیان پێدەوترێتەوە لە تاقیکردنەوەی پێشـــینە و پاشـــینەی بیرکردنەوەی دورمەودا، بڕوانە خشتەی ژمارە (8)

خشتەی ژمارە (8)

ئەنجامی شیکردنەوەی جیاوازی نرخی (فای – F) بۆ گروپەکان لە تاقیکردنەوەی پێشینەو پاشی بیرکردنەوەی دورمەودا

| گـــۆڕاوی پاشکۆ | گروپ | بژاردە | نـاوەنـدە ژمێری | لادانـــــــی پێوانەیی | نرخی F | | بەڵگەداری لەئاســـتی 0.05 |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | دەرهێنراو | خشتەیی | |
| تاقیکردنەوەی پێشینە و پاشینەی بیرکردنـەوەی دورمەودا | ئـــەزمـــونـــی یەکەم | 19 | 20.79 | 8.892 | 11.603 | 3.162 | بەڵگەدارە |
| | ئـــەزمـــونـــی دوەم | 19 | 17.47 | 10.145 | | | |
| | کۆنترۆڵکراو | 19 | 8.05 | 5.701 | | | |

لە خشـــتەی (7)ەوە ئەوە دەردەکەوێت کە جیاوازی مانداری ئاماری هەیە لە نێوان گروپەکانی ئەزمونی یەکەم و دوەم بەراورد بەگروپی کۆنترۆڵکراو، بۆ دەرهێنانی جیاوازی لەنێوان گروپەکان خۆیاندا لە تاقیکردنەوەی پێشـی و پاشی توێژەر تاقیکردنەوەی تایی بۆ دو گروپی هاوپەیوەست بەکاردەهێنێت.

**گریمانەی لاوەکی یەکەم:** جیاوازی بەڵگەداری ئاماری نییە لەئاستی (0.05) لەنێوان ناوەندە نمرەی گروپی ئەزمونی یەکەم کە بە (ستراتیجی چالاککەرەوە درکییەکان) بابەت وەردەگرن لە تاقیکردنەوەی پێشینە و پاشینەی بیرکردنەوەی دورمەودا.

خشتەی ژمارە (9)

ئەنجامی تاقیکردنەوەی تائیی بۆ بەراوردی ناوەندەنمرەی گروپی ئەزمونی یەکەم لە تاقیکردنەوەی (پاشی و پێشی) بیرکردنەوەی دورمەودا

| گروپ | تاقیکردنەوە | بژاردە | ناوەندە ژمێری | جیاوازی | لادانی پێوانەیی | نرخی تایی | | بەڵگەداری لەئاستی 0.05 |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | دەرهێنراو | خشتەیی | |
| ئەزمونی یەکەم | پێشی | 19 | 83.37 | 26.79 | 4.946 | 10.191 | 2.101 | بەڵگەدارە |
| | پاشی | 19 | 110.16 | | 5.699 | | | |

لە خشتەی سەرەوەدا دەردەکەوێت ناوەندە نمرەی گروپی ئەزمونی یەکەم لە تاقیکردنەوەی پێشی (83.37) و ناوەندە نمرەی گروپی ئەزمونی یەکەم لە تاقیکردنەوەی پاشی بیرکردنەوەی دورمەودا (110.16) و نرخی تایی دەرهێنراو (10.191) گەورەترە لە نرخی خشتەیی کە (2.101)ە لە ئاستی بەڵگەداری (0.05) ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە جیاوازی بەڵگەداری ئاماری هەیە لەنێوان تاقیکردنەوەی پێشی و پاشی بیرکردنەوەی دورمەودا لای گروپی ئەزمونی یەکەم، کەواتە گریمانەی سفری ڕەت دەکەینەوە کە توێژەر لە سەرەتاوە دایڕشتبو، گریمانەی جێگرەوە پەسەند دەکەین، بۆ زانینی قەبارەی کاریکەرییەکە هاوکێشەی (ئیتا و کوهین) بەکاردەهینین، بڕوانە خشتەی ژمارە (10)

خشتەی ژمارە (10)

ئاستی پێوەری ($\eta 2$) و (d)

| ئالاقی بەکارهاتو | قەبارەی کاریگەری | | |
|---|---|---|---|
| | **بچوک** | **ناوەند** | **گەورە** |
| $\eta 2$ | 0.01 | 0.06 | 0.14 |
| D | 0.2 | 0.5 | 0.8 |

(یوسف و ایمان، 2021، ص 60)

خشتەی ژمارە (11)

نرخی (t) تایی هەژمارکراو (η2) و (d) و قەبارەی کاریگەری

| بەهای (t) | بەهای (η2) | بەهای (d) | قەبارەی کاریگەری |
|---|---|---|---|
| 10.191 | 0.729 | 2.338 | گەورەیە |

لە خشـــتەی ژمارە (11) دەردەکەوێت کە قەبارەی کاریگەرییەکە زۆر گەورەیە ئەمەش نیشـــانەی ئەوەیە کە ستراتیجییەتی چالاککەرەوە درکییەکان کاریگەری گەورەی هەیە لە تاقیکردنەوەی پێشی و پاشی بۆ گەشەپێدانی بیرکردنەوەی دورمەودا لای فێرخوازانی بەشی زانستەکۆمەڵایەتییەکان بۆ بابەتی مێژو.

**گریمانەی لاوەکی دوەم:** جیاوازی بەڵگەداری ئاماری نییە لەئاستی (0.05) لەنێوان ناوەندە نمرەی گروپی ئەزمونی دوەم کە بە (ستراتیژی ڕێکخراوە پێشکەوتوەکان) پێشینە و پاشینەی بیرکردنەوەی دورمەودا.

خشتەی ژمارە (12)

ئەنجامی تاقیکردنەوەی تائیی بۆ بەراوردی ناوەندەنمرەی هەردو گروپی ئەزمونی یەکەم و کۆنترۆڵکراو لە تاقیکردنەوەی پاشـــی بیرکردنەوەی دورمەودا

| گروپ | تاقیکردنەوە | بژاردە | ناوەندە ژمێری | جیاوازی | لادانی پێوانەیی | نرخی تایی | | بەڵگەداری لەئاستی 0.05 |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | دەرهێنراو | خشتەیی | |
| ئەزمونی دوەم | پێشی | 19 | 90.05 | 17.48 | 6.311 | 7.507 | 2.101 | بەڵگەدارە |
| | پاشی | 19 | 107.53 | | 6.915 | | | |

لە خشـــتەی ســـەرەوەدا دەردەکەوێت ناوەندە نمرەی گروپی ئەزمونی دوەم لە تاقیکردنەوەی پێشـــی (90.05) و ناوەندە نمرەی گروپی ئەزمونی یەکەم لە تاقیکردنەوەی پاشـــی بیرکردنەوەی دورمەودا (107.53) و نرخی تایی دەرهێنراو (7.507) گەورەترە لە نرخی خشـــتەیی کە (2.101)ە لە ئاســـتی بەڵگەداری (0.05) ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە جیاوازی بەڵگەداری ئاماری هەیە لەنێوان تاقیکردنەوەی پێشـــی و پاشـــی بیرکردنەوەی دورمەودا لای گروپی ئەزمونی دوەم، کەواتە گریمانەی سفری ڕەت دەکەینەوە کە توێژەر لە سەرەتاوە دایڕشتبو، گریمانەی جێگرەوە پەســـەند دەکەین، بۆ زانینی قەبارەی کاریکەرییەکە هاوکێشـــەی ئیتا و کوهین بەکاردەهینین، بڕوانە خشتەی ژمارە (13)

خشتەی ژمارە (13)

نرخی (t) تایی هەژمارکراو (η2) و (d) و قەبارەی کاریگەری

| بەهای (t) | بەهای (η2) | بەهای (d) | قەبارەی کاریگەری |
|---|---|---|---|
| 7.507 | 0.718 | 1.722 | گەورەیە |

لە خشـــتەی ژمارە (13) دەردەکەوێت کە قەبارەی کاریگەرییەکە زۆر گەورەیە ئەمەش نیشـــانەی ئەوەیە کە ستراتیجییەتی ڕێکخراوەپێشکەوتوەکان کاریگەری گەورەی هەیە لە تاقیکردنەوەی پێشی و پاشی بۆ گەشەپێدانی بیرکردنەوەی دورمەودا لای فێرخوازانی بەشی زانستەکۆمەڵایەتییەکان بۆ بابەتی مێژو.

**گریمانەی لاوەکی ســێیەم:** جیاوازی ماناداری ئاماری نییە لەئاســـتی (0.05) لەنێوان ناوەندە نمرەی گروپی کۆنترۆڵکراو کە بە (ڕێگای ئاسایی) پێشینە و پاشینەی بیرکردنەوەی دورمەودا.

خشتەی ژمارە (14)

ئەنجامی تاقیکردنەوەی تائیی بۆ بەراوردی ناوەندەنمرەی هەردو گروپی ئەزمونی یەکەم و کۆنترۆڵکراو لە تاقیکردنەوەی پاشـــی بیرکردنەوەی دورمەودا

| گروپ | تاقیکردنەوە | ژمارە | ناوەندە ژمێری | جیاوازی | لادانی پێوانەیی | نرخی تایی | | بەڵگەداری لەئاســـتی 0.05 |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | دەرهێنراو | خشتەیی | |
| کۆنترۆڵکراو | پێشی | 19 | 89.05 | 8.06 | 3.440 | 6.157 | 2.101 | بەڵگەدارە |
| | پاشی | 19 | 97.11 | | 5.782 | | | |

لە خشـــتەی (10)دا دەردەکەوێت ناوەندە نمرەی گروپی کۆنترۆڵکراو لە تاقیکردنەوەی پێشـــی (89.05) و ناوەندە نمرەی گروپی کۆنترۆڵکراو لە تاقیکردنەوەی پاشـــی بیرکردنەوەی دورمەودا (97.11) و نرخی تایی دەرهێنراو (6.157) گەورەترە لە نرخی خشـــتەیی کە (2.101)ە لە ئاســـتی بەڵگەداری (0.05) ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە جیاوازی بەڵگەداری ئاماری هەیە لەنێوان تاقیکردنەوەی پێشـــی و پاشـــی بیرکردنەوەی دورمەودا لای گروپی کۆنترۆڵکراو، کەواتە گریمانەی ســفری ڕەت دەکەینەوە کە توێژەر لە ســەرەتاوە دایڕشـتبو، گریمانەی جێگرەوە پەسـەند دەکەین، بۆ زانینی قەبارەی کاریکەرییەکە هاوکێشـەی ئیتا و کوهین بەکاردەهینین، بڕوانە خشـتەی ژمارە (15)

خشتەی ژمارە (15)

نرخی (t) تایی هەژمارکراو (η2) و (d) و قەبارەی کاریگەری

| بەهای (t) | بەهای (η2) | بەهای (d) | قەبارەی کاریگەری |
|---|---|---|---|
| 6.157 | 0.687 | 1.413 | گەورەیە |

لە خشتەی ژمارە (15) دەردەکەوێت کە قەبارەی کاریگەرییەکە زۆر گەورەیە ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کە ڕێگای ئاسایی کاریگەری هەبوە لە تاقیکردنەوەی پێشی و پاشی بۆ گەشەپێدانی بیرکردنەوەی دورمەودا لای فێرخوازانی بەشی زانستەکۆمەڵایەتییەکان بۆ بابەتی مێژو.

## 2-4- شیکردنەوەی ئەنجامەکان

لەو ئەنجامانەی لە خشتەکانی (3 ،4، 5، 6، 7 ) خراونەتەڕو دەردەکەوێت کە:

**4-2-1**– وانەوتنەوە ی بابەتی مێژوی سەدەکانی ناوەڕاست بەپێی ستراتیجیەتی چالاککەرەوە درکییەکان کاریگەر و کارایە بۆ گەشەپێدانی بیرکردنەوەی دورمەودا و، باشتر و ئەکتیڤتربوە لای فێرخوازانی گروپی ئەزمونی یەکەم بە بەراورد بە گروپی کۆنترۆڵکراو کە هەمان بابەتیان بەڕێگای ئاسایی وەردەگرت.

بە بۆچونی توێژەر سەرکەوتنی فێرخوازانی گروپی ئەزمونی یەکەم بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ستراتیجییەتی چالاککەرەوە درکیەکان وا لە فێرخوازان دەکات چالاکانە بەشداری وانەکە بکەن و، هەمیشە خەریکی دروستکردنی پرسیار و وەڵامدانەوەبن و خۆیان بەشێکی سەرەکیبن لە پرۆسەی وانەگوتنەوە و چارەسەرکردنی ئەو گرفتانەی دێتە ڕێگەیان، هەروەها ئەم ستراتیجییە وا لەفێرخوازان دەکات بەبێ شەرم و دو دڵی بەشدارییبکەن لەوانەکە و ببنەهۆی ڕونکردنەوە و دروستکردنی کەشێکی گفتوگۆی زانستی لەنێوان فێرخواز مامۆستا و فێرخواز و فێرخواز.

توێژەر بۆی دەرکەوت وانەوتنەوە بە ستراتیجیەتی چالاککەرەوە درکییەکان وادەکات فێرخوازان باشتر بیر لەبابەتە مێژوییەکان بکەنەوە و بەشێوەیەکی وردتر بەراوردی ڕوداوە مێژوییەکان بکەن و گەشە بە بیرکردنەوەی دورمەودایان دەدات، بە بۆچونی توێژەر ئەم ستراتیجییەتە (چالاککەرەوە درکییەکان) وادەکات فێرخوازان بە تامەزرۆییەوە لە بابەتی مێژو بڕوانن و بتوانن بەشێوەیەکی ڕەخنەگرانە شیکردنەوە بۆ ڕوداوە مێژوییەکان بکەن.
سروشتی ستراتیجییەکە وایە کە هاندەری فێرخوازانە بۆ خستنەڕوی بیرۆکەکانیان و پرسیارکردن و وەڵامدانەوەی پرسیارەکان بە بێ شەرم و دو دڵی ئەمش هۆکارێکی یارمەتیدەرە بۆ سەرکەوتنی ستراتیجییەتەکە و وایکردوە فێرخوازان بەشداری فراوانیان هەبێت.

ئەم ستراتیجییەتە وا لەمامۆستا دەکات کە بەگوڕوتینێکی زۆرەوە خۆی ئامادەبکات بۆ وانەکە و بەشێوازێکی پڕ لە وزەوە بابەتەکە بخاتەڕو بتوانێ سەرنجی فێرخوازەکان بۆلای خۆی و بابەتەکە ڕابکێشێت.

ئەو توێژینەوانەی لە پێشـتردا ئەنجامدراون لەسـەر سـتراتیجییەتی چالاککەرەوە درکییەکان جەخت لەسـەر ئەوە دەکەنەوە کە ئەم سـتراتیجییەتە وا لەفێرخوازان دەکات کە بە بێ ترس و دودڵی بەشـداری وانەکان بکەن بەشـێوەیەکی کاراو، یارمەتیدەری فێرخوازانە بۆ ئەوەی لەبابەتی وانەکە بێزار نەبن و دەسـتکەوتی باش بەدەسـتبهێنن، لەو توێژینەوانە: (دروزة، 1991)، (عبدالامیر، 2009)، (فتلاوي، 2014)، (عبدالرضـا، 2014)، (السعداوي، 2016) ...هتد ، ئەنجامەکەیان تەبایە لە گەڵ ئەنجامی ئەم توێژینەوەیە

**4-2-2**- لە ئەنجامی خشـتەکانی (8، 9، 12، 14) دەردەکەوێت ئاسـتی فێرخوازانی گروپی ئەزمونی دوەم لە بەشـی زانسـتە کۆمەڵایەتییەکان لەبابەتی مێژو کە بەپێی سـتراتیجییەتی (ڕێکخراوە پێشـکەوتوەکان) بابەتیان وەردەگرت، بەرزترە بەراورد بە فێرخوازانی گروپی کۆنترۆڵکراو کە هەمان بابەتیان بەڕێکای ئاسـایی وەردەگرت سـەبارەت بە گەشـەپێدانی بیرکردنەوەی دورمەودا، بەڵام بەراورد بە گروپی ئەزمونی یەکەم کە هەمان بابەتیان بەپێی سـتراتیجیەتی چالاککەرەوە درکیەکان وەردەگرت هاوسـەنگن، فێرخوازانی گروپی ئەزمونی دوەم سـەرکەوتنی زیاتریان بەدەسـتهێناوە و زیاتر بیری دورمەودایان گەشـەی کردوە بۆ بابەتی مێژو بەراود بە فێرخوازانی گروپی کۆنترۆڵکراو کە هەمان بابەتیان بەڕێگای ئاسـایی وەردەگرت سـەبارەت بەبیرکردنەوەی دور مەودا.

بەبۆچونی توێژەر سـەرکەوتنی فێرخوازانی گروپی ئەزمونی دوەم بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە سـتراتیجییەتی ڕێکخراوە پێشکەوتوەکان وادەکات فێرخوازان بەشداریيەکی کارایان هەبێت لەوەنەکاندا و بەبێ ترس بەشدابیکەن و خۆیان پرسـیار بوروژێنن، هەروەها وا لە مامۆسـتا دەکات بەشـێوەیەکی ورد و ڕێکخراو بابەتەکە ئامادەبکات و بەهاوکاری فێرخوازان بیان خاتەڕو بەشێوەیەکی سەرنجڕاکێش.

ئەم ستراتیجییەتە بەشێوەیەکی ڕێکخراو زنجیرەیی بابەتەکە ئامادەدەکات و وا دەکات سەرنجی فێرخوازان بۆلای بابەتەکە کەمەندکێش بکات کە ئەوەش دەوری باشـی هەیە بۆ ئەوەی فێرخوازان لەبابەتەکە بێزارنەبن و بە شێوەیەکی ورد بیر لەبابەتەکە بکەنەوە و گەشە بەبیری دورمەودای فێرخوازەکان بدات.

ئەو توێژینەوانەی لەپێشـوتردا ئەنجامدراون لەسـەر سـتراتیجییەتی ڕێکخراوە پێشـکەوتوەکان ئەنجامەکانیان هاوتەبایە لەگەڵ ئەنجامی ئەم توێژینەوەیە، سـەبارەت بە گۆڕاوە پاشـکۆکان و سـەرکەوتنی گروپی ئەزمونی، لەوانە: توێژینەوەی (محمود، 2020)، (طقاطعة، 2017)، (فورة، 2015)، (ابومي، 2012).

توێژەرەر بۆی دەرکەوتوە کە ئەم ستراتیجییانەی بەکاریهیناون گونجاوە بۆ قۆناغی زانکۆ بەتایبەتی بۆ گوتنەوەی بابەتی مێژو لە بەشـی زانسـتەکۆمەلایەتییەکان، جێی ئاماژە بۆکردنە ئەنجامەکان لەگەڵ ئەو ئامانجانەی توێژەر دایڕشتبو تەبا و گونجاون.

**4-2-3-** بەپێی ئەنجامەکانی خشــتەی ژمارە (5) گروپی ئەزمونی یەکەم کە بەڕێگای ســتراتیجیەتی چالاککەرەوە درکییەکان وانەیان وەردەگرت بەراورد بە فێرخوازانی گروپی ئەزمونی دوەم کە بەڕێگای ستراتیجییەتی ڕێکخراوە پێشــکەوتوەکان وانەیان وەردەگرت، جیاوازییان نییەو واتە مانادار نییە و هەردو ســـتراتیجییەتەکە بۆ گوتنەوەی بابەتی مێژو لای فێرخوازانی بەشی زانستە کۆمەڵایەتییەکان گونجاو کاران و هاوسەنگن.

**4-2-4-** بەپێی ئەنجامی خشـــتەکانی (8، 9، 10) هەردو ســـــتراتیجییەتی چالاککەرەوە درکییەکان و ڕێکخراوە پێشـــکەوتوەکان لە گەشــــەبیدانی بیرکردنەوەی دورمەودا لە بابەتی مێژو لای فێرخوازانی بەشـــی زانســـتە کۆمەلایەتییەکان لە تاقیکردنەوەی پێشـــی و پاشـــی کاریگەر و کاران و جیاوازی مانادارى ئامارى هەیە لە نێوان تاقیکردنەوەی پێش و پاشــی بۆ هەردو گروپی ئەزمونی یەکەم کە بەپێی ســتراتیجییەتی چالاککەرەوە درکییەکان بابەتیان وەردەگرت لەگەڵ گروپی ئەزمونی دوەم کە بەپێی ســـــتراتیجییەتی ڕێکخراوە پێشـــکەوتوەکان بابەتیان وەردەگرت.

## 4-3- دەرەنجام و ڕاسپاردە و پێشنیاز:

### 4-3-1- دەرەنجام:

توێژەر لە ئەنجامی توێژینەوەکەیدا ئەم دەرئەنجامانە هەڵدەهێنجێنێت:

1- بەکارهێنانی ســــتراتیجییەتی چالاککەرەوە درکییەکان وا لەفێرخوازان دەکات زیاتر کارابن و ببنە تەوەری سەرەکی وانەوتنەوە، کە ئەمەش مەبەست و ئامانجی پرۆسەی نوێی وانەوتنەوەی زانکۆییە.

2- بەکارهێنانی ســتراتیجییەتی چالاککەرەوە درکییەکان لە وانەوتنەوە ی بابەتی مێژودا بۆ فێرخوازانی زانکۆ کاریگەری کارا و بەرچاویان هەبێت لەسـەر گەشـەپێدانی بیرکردنەوەی دورمەودای فێرخوازان بەراورد بە ستراتیجییەتی ڕێکخراوە پێشکەوتوەکان و ڕێگەی ئاسایی.

5- بەکارهێنانی ســتراتیجییەتی ڕێکخراوە پێشـکەوتوەکان وا لەفێرخوازان دەکات زیاتر کارابن و ببنە تەوەری سەرەکی وانەکە بەشداری زۆر و چالاکی زۆرتر ئەنجامبدەن.

6- بەکارهێنانی ســتراتیجییەتی ڕێکخراوە پێشـکەوتوەکان لە وانەوتنەوەی بابەتی مێژودا بۆ فێرخوازانی زانکۆ کاریگەری کارا و بەرچاوی هەیە لەسەر گەشەپێدانی بیرکردنەوەی دورمەودای فێرخوازان.

**4-3-2- ڕاسپاردە:** لەدوای خستنەڕو و ڕونکردنەوەی ئەنجامەکان، توێژەر ڕاسپاردەی ئەم خاڵانەی لای خوارەوە دەکات:

1- پێویســـتە ئەو مامۆســـتایانەی وانەی بابەتە مێژوییەکان دەڵێنەوە، ڕابهێنرێن لە ســــەر بەکارهێنانی ستراتیجییەتەکانی چالاککەرەوە درکییەکان و ڕێکخراوە پێشکەوتوەکان.

2- پێویســـتە مامۆســـتایانی بابەتە مێژوییەکان خولیان بۆ بکرێتەوە لە لایەن ســـەنتەری خولی بەردەوامی زانکۆکانەوە بۆ ئاشـنابون بە ســتراتیجییەتەکانی چالاککەرەوە درکییەکان و ڕێکخراوە پێشـکەوتوەکان بۆ ئەوەی بەکاربهێنن بۆ وانەوتنەوەی بابەتی مێژو لەهەمو قۆناغەکانی خوێندنی زانکۆیی.

3- داواکردن لە سەرۆکی ئەو بەشە زانستیانەی کە بابەتی مێژویی لە یەکەکانی خوێندنی بەشەکانیاندا هەیە لە زانکۆکاندا، بۆ هاندانی مامۆستای بابەتی مێژو کە هەردو ستراتیجییەتەکانی چالاککەرەوە درکییەکان و ڕێکخراوە پێشکەوتوەکان بەکاربهێنن بۆ وانەوتنەوەی بابەتی مێژو.

**3-3-4- پێشنیاز:** توێژەر پێشنیاز ئەم پێشنیازانەی خوارەوە دەخاتەڕو:

1- کاریگەری بەکارهێنانی ستراتیجییەتەکانی چالاککەرەوە درکییەکان و ڕێکخراوە پێشکەوتوەکان لە گەشەپێدانی بیرکردنەوەی دورمەودا لای فێرخوازانی بەشە زانستیەکان لەزانکۆکان.

2- کاریگەری بەکارهێنانی ستراتیجییەتی چالاککەرەوە درکییەکان لەسەر هەندێک گۆڕاوی تری وەک (پەسەندکردنی زانیاری، بیرکردنەوەی داهێنەرانە...) لە قۆناغی بنەڕەتی لە بابەتە کۆمەڵایەتییەکان.

3- کاریگەری بەکارهێنانی ستراتیجییەتی ڕێکخراوە پێشکەوتوەکان لەسەر چەند گۆڕاوێکی تر لەلای فێرخوازانی قۆناغی ئامادەیی لە بابەتی مێژودا.

# The Effect strategic administration of the activists and the advanced organization has developed on the development of divergent thinking in the subject of history by the readers of the social science department.

**Sherzad Ali Ahmed[1] - Salam Abdulkarim Abdullah[2] - Karim Ahmad Aziz[3]**

[1]Department of Social Sciences, College of basic Education, Sulaimani University, Sulaimani, Kurdistan Region, Iraq

[2]Department of Kindergarten, College of basic Education, Garmian University, Kalar, Kurdistan Region, Iraq

[3]Department of History, College of Education Humanities Saedsadq, Saedsadq, Kurdistan Region, Iraq.

## Abstract

The aim of this study is to determine the effect strategic impact of cognitive activators and advanced organizations on the development of divergent thinking thinking about history among social science students The research subject is the students of the Department of Social Sciences. The research option is the second year students of the Department of Social Sciences. The researcher chose this stage for two reasons The researcher used an experimental design for thirty balanced groups, the first experimental group being the subject of Kurdish history in the Middle Ages The second experimental group received the subjects according to the strategy of advanced organizations. The third group received the subjects according to the normal strategy Out of (57) students, each group has (19) students and researchers A construct for long-term thinking with

the number of items was (30) items of questions at (6) levels of questions The following conclusions:

1- Cognitive activation strategies are a successful way to teach history.
2- According to the strategy of advanced organizations, it is successful and effective for the subject of history among the students of the department of social sciences and the development of Divergent thinking.

**Key words:** Effect, Administration of The Activists, Advanced Organization, Divergent Thinking

## سەرچاوەکان

عزیز، کریم احمد (2021)، ستراتیژە نوێیەکانی وانەوتنەوە، چاپی یەکەم، چاپخانەی نارین، هەولێر.

قەرەچەتانی، کەریم شەریف (2018)، پێوانەو هەڵسەنگاندنی پەروەردەیی، چاپی یەکەم، چاپخانەی، سلێمانی.

ابو جادو صالح (2000)، علم النفس التربوي، ط2، دار المسيرة للنشر والتوزيع والطباعة، عمان – الاردن.

ابو حطب، فؤاد (1987)، القدرات العقلية، ط7، دار الكتب الجامعية، بيروت - لبنان.

ابومي، رنا احمد عبدالرحمن (2012)، أثر استدام العصف الذهني والمنظم المتقدم في تدريس العلوم للمتفوقين من الصف السابع الاساسي في التحصيل والتفكير العلمي، كلية العلوم التربوية، جامعة الشرق الاوسط، عمان – الاردن.

الامام، مصطفى محمود وانور حسين عبدالرحمن وصباح حسين العجيلي (1990)، التقويم والقياس، طبع الاولى، وزارة التعليم العالي والبحث العلمي، جامعة بغداد.

البرجاوي، مولاي المصطفى (2015)، التعليم الفعال الماهية والمؤشرات الدالة ولاستراتيجيات البيداغوجية، مجلة علوم التربة، عدد 62، كلية التربية – الرباط، المغرب.

بليل، سعد طعمه (2021)، اثر استراتيجية رافت (RAFT) في تنمية التفكير الاستدلالي لدى طلبة كلية التربية الاساسية أقسام الاجتماعيات (التاريخ-الجغرافيا) في مادة منهج البحث التربوي، مجلة القادسية في الآداب والعلوم التربوية، العدد (3)، الجزء (2).

حسانين، محمد صبحي (2004)، القياس والتقويم في التربيةالبدنية والرياضية، ط4، دار الفكر العربي، القاهرة – مصر.

داود، عزيز حنا و عبدالرحمن انور حسين (1990)، مناهج بحث التربوي، دار الحكمة للطباعة والنشر، جامعة بغداد.

دروزة، افنان نظير، (2007)، النريه فى التدريس وترجمتها علميا، دار الشروق للنشر والتوزيع، عمان.

دروزة،افنان نظير (1991)، منشطات ا ستراتيجيات الادراک کوسائل ادراكية معينة لتحسين العملية التعلمية التعليمية، مجلة جامعة بيت لحم، عدد 10.

سعداوي، محسن علي (2016)، تأثير المنشطات العقلية في ادا بعض مهارات الطرق بجمناستک الإقاعي للطالبات، كلية التربية البدنية وعلوم الرياضة، جامعة ذيقار، ذيقار – عيراق.

الشهراني، عبدالعزيز صالح يحي الدهمشي (2010)، التدريس الفعال، كلية التربية، جامعة الملک خالد، المملكه العربيه السعوديه.

صخي،مهدي خطاب (2010)، استعمال منشطات الادراک في تدريس مادة علم نفس الطفل للطالبات معهد اعدات المعلمات في تنمية تفكير هن العلمي، كلية التربية الاساسية، جامعة واسط.

الطقاطعة، مني محمد محمود (2017)، أثر برنامج تعليمي قائم على المنظمات المتقدمة في التفكير الناقد والمفاهيم البديلة في العلوم لدى طلبة الصف التاسع الاساسي في محافظة طولكرم، جامعة النجاح الوطنية، نابلس – فلسطين.

العامري، ماهر محمد عواد (2017)، التفكير التقاربي والتفكير التباعدي، كلية التربية البدنية وعلوم الرياضة، الجامعة المستنصرية، عيراق.

عبدالامير، فاطمة وبتول محمد جاسم (2009)، أثر منشطات استراتيجيات الادراك في تحصيل الطالباتالصف الخامس العلمي وتنمية مهاراتهن العقلية في مادة علم الآحياء، مجلة القادسية في الاداب والعلوم التربوية، عدد 1، مجلد 8.

عبدالرضا، نجدت عبدالرؤف واياد صاحب حمادي علي تكي (2014)، فاعلية انمذج مقترح لتصميم تعليمي على وفق منشطات الادراكي تنمية مهارات التفكير العلمي في مادة الجغرافية لدى طلاب الصف الاول المتوسط، مجلة اهل البيت، عدد السابع عشر.

عبدالقادر، عبدالقادر محمد (2013)، نماذج واستراتيجيات التدريس الفعال بين النظرية والتطبيق، طبعة الاولى، دار الكتاب الجامعي، العين – الدولة الإمارات العربية المتحدة.

عبدالله، زينب عبدالرزاق غريب (2017)، فاعلية برنامج تدريبي لدمج مهارات التفكير التباعدي في تدريس المقررات التربوية لدى عينه من گلبه كليه التربيه جامعه الملك فيصل، المجله الدوليه التربويه المخصصة، المجلد (6)، العدد (6).

عطية،محسن علي (2008)، استراتيجيات الحديثة في التدريس الفعال،ط1، دار الصفاء للنشروالتوزيع، عمان – الاردن.

العفون، نادية حسين وقحطان فضل رِاهي، (2010)، فاعلية تصميم تعليمي وعلاقتهما بالتفكير العلمي والوعي البيئي، دار صفاء للنشر والتوزيع، عمان.

علي، اكرم فتحي (2011)، توظيف انماط المنظمات المتقدمة في نظام إدارة بيئةالتعلم الإلكترؤني عن بعد EMES على التحصيل المعريفي وبقاء أثر التعلم لدى الطلاب ماجستير التوجية والارشاد التربوي بجامعة الملك عبد العزيز، دار سمات للدراسات والبحاث، مجلة العلوم التربوية، عدد 3، مجلد(1).

العميري، احمد هاشم محمد داود (2007)، اثر إستراتيجيتي التعليم المتقن والمنظمات المتقدمة في التحصيل والاتجاه نحو التاريخ لدى طالبات المرحلة المتوسطة، كلية التربية – الجامعة المستنصرية، بغداد.

فان دالين، ديو بولاب (2007)، منهج بحث في التربية و عطم النفس، ترجمةنبيل نوفل و اخرون، مكتبة الانجلو المصرية، القاهرة – مصر.

فتلاوي، جؤذر حمزة كاظم وابراهيم عويد هراط (2014)، أثر منشطات الادراك في الستيعاب القرائي لدى طلاب الصف الثاني المتوسط في مادة المطالعة، كلية التربية للعلوم الإنسانية، جامعة بابل.

فورة، ناهض صبحي سعيد (2015)، أثر استخدام استراتيجية المنمات المتقدمة في تدريس القواعد النحوية على تحصيل طالبات الصف الثامن في المرحلة الاساسية العليا بمحافةغزة، مجلة الجامعة الإسلامية للدراسات التربوية والنفسية، المجلد الثالث والعشرون، العدد الأول.

قمزاوي، صالح كرامه (2007)، التدريس الفعال، كلية التربية- المكلا، جامعة حضرموت، اليمن.

الكبيسي، عبدالواحد حميد (2007)، القياس و التقويم – تجديدات و مناقشات، طبعة الاولى، دار جرير للنشر والتوزيع، عمان – الاردن.

محمود،احمد محمود احمد 2020)، توظيف انماط المنظمات المتقدمة في بيئة التعلم التكيفية النقالة واثرها على تنمية الوعي السياسي وتدعيم قيم المواطنة ومنظور زمن المستقبل لدى الطلاب المعوقين سمعيا بالمرحلة اللإعدادية، مجلة جامعة جنوب الوادي الدولية للعلوم التربوية، الاصدار الخامس.

مرعي، توفيق احمد ومحمد محمود الحيلة (2011)، طرائق التدريس العامة، ط5، دار السميرة للنشر والتوزيع، عمان – الاردن.
الوقيدي، محمد هيسم (2013)، تعليم التفكير التباعدي، كلية تربية - جامعة الموصل، عيراق.
يوســـف، هالة شـــحات عطية (2017)، برنامج قائم على اســـتراتيجيات التعليم المتمايز في التدريس التاريخ على تنمية المفاهيم التاريخية والمهارات التفكير الابداعي لدى التلاميذ المرحلة الاعدادية، كلية التربية، جامعة بنها، محافة الشرقية – مصر.
يوسـف، بوررزق و ايمان، ام الخيوط. (2021)، أهمية توظيف مؤشـرات الدلالة العملية في نتائج الدراسـات النفسـية والتربوية، مجلة الباحث في العلوم الأنسانية والأجتماعية. المجلد 13(04)/ 2021، الجزائر: جامعة قاصدي مرباح ورقلة.
سێیەم بەزمانی ئینگلیزی:
Hildt, Elisabeth and Andreas G. Franke (2013), Cognitive Enhancement An Interdisciplinary Perspective, department of Philosophy, University of  Mainz Mainz Germany.

## پاشکۆی ژمارە (1) لیستی ناوی پسپۆران

| ز | ناوی سیانی | پسپۆری | نازناوی زانستی | شوینی کارکردن |
|---|---|---|---|---|
| 1. | د.مەولود حمد نبی سورچی | ڕێگاکانی وانەوتنەوە | پرۆفیسۆر | زانکۆی دهۆک |
| 2. | د.حامد مصطفی بلباس | ڕێگاکانی وانەوتنەوە | پرۆفیسۆر | زانکۆی سەلاحەددین – هەولێر |
| 3. | د.حسین سعدی ابراهیم | ڕێگاکانی وانەوتنەوە | پرۆفیسۆر | زانکۆی سەلاحەددین – هەولێر |
| 4. | د.وعد محمد نجات صبری | ڕێگاکانی وانەوتنەوە | پرۆفیسۆر | زانکۆی سەلاحەددین – هەولێر |
| 5. | د.جبار احمد عبدالرحمن | ڕێگاکانی وانەوتنەوە | پرۆفیسۆر | زانکۆی کۆیە |
| 6. | د.فرهاد علی مصطفی | ڕێگاکانی وانەوتنەوە | پ.یاریدەدەر | زانکۆی سەلاحەددین – هەولێر |
| 7. | د.شوان فرج سعید | ڕێگاکانی وانەوتنەوە | پ.یاریدەدەر | زانکۆی گەرمیان |
| 8. | د.سیناء احمد علی | دەرونزانی پەروەردەیی | پ.یاریدەدەر | زانکۆی سەلاحەددین – هەولێر |
| 9. | د.سلوی احمد امین | پێوانە و هەڵسەنگاندن | پ.یاریدەدەر | زانکۆی سەلاحەددین – هەولێر |
| 10. | د.مناظل عباس قاسم | ڕێگاکانی وانەوتنەوە | پ.یاریدەدەر | زانکۆی گەرمیان |
| 11. | د.سرمد صلاح محیدین | فەلسەفەی پەروەردە | پ.یاریدەدەر | زانکۆی گەرمیان |
| 12. | د.تانیا نورالدین | ڕێگاکانی وانەوتنەوە | پ.یاریدەدەر | زانکۆی سەلاحەددین – هەولێر |
| 13. | د.احمد حەمەد ئەمین هۆمەر | مێژو | پ.یاریدەدەر | زانکۆی سەلاحەددین – هەولێر |
| 14. | د.سامان حسین احمد | مێژو | پ.یاریدەدەر | زانکۆی سلێمانی |
| 15. | د.زریان سالار حمەعارف | مێژو | پ.یاریدەدەر | زانکۆی سلێمانی |